


لە پەڕۆشەکانی ژیان

حەماغای گەورە

بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەرکوێیەك بێت

41568

بە سوودی بەرد

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

رێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری
٦٠

لە پەڕۆشەکانی ژیان

نووسەر: مەسعوود محەمەد

.....

لیژنەی سەرپەرشتیی کۆبەرهەم:
تۆفیق کەریم
هاوژین عومەر
ڕەوشت محەمەد

.....

میزووی چاپ: ٢٠٢٣
نۆبەی چاپ: یەکەم
سەرپەرشتیی چاپ: ڕێدار ئەحمەد
تیراژ: (١٠٠٠) دانە

.....

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کۆبەرهەمە پارێزراوە بۆ
رێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پەرۆش دەستی پێکرد لەو ڕۆژەوە کە بە جۆرێکی فام تێیدا وڕە، هێزی ژیوەری بەبەر ماددەی مردوودا گەڕا ئیتر لە زیندەواردا پەرۆشی بەردەوامبوون بە بژیو و بە بەرتەکدانەوەی مەرگ و بە زاوزی ڕسکا، چەندێکیش ماددەی زیندوو بە پلیکانەی سەرەژوورەدا هەڵکشا بازنەی پەرۆش بە هەموولایەکدا بەرینتر بۆوە و قوواڵتر ڕۆچوو بە هۆی پتربوونی ئەو لایەنانەی کە دەبوو هێزی ژیوەرییان بداتێ و بە فرەبوونی ئەو پەنامانەی کە هەڕەشەی فۆتانیان لێ دەکرد و بە ناچاری لە فرەچەشنکردنی فیلی خۆپاراستن و ڕاوکردن، ئەوسا ماددەی زیندەدل کەوتە باری گۆڕانکاری و هەمەڕەنگبوون ج لە بنەڕەتەکانی ج لەو لکانەی لێی دەبوونەوە بەوەدا هەستە سەرەتاییەکانی فراژیبوون بەرەو پلەی «غریزە» کە بێمەبەست و بە دڵخوازیش ڕەتکردنەوە و سەڵماندنی بەکاردەهێنا، غەریزە خۆیشی دابەش بوو بەسەر جۆرەها زیندەوەری بەرەوپێشچووی بۆ کرانەوەی هەست بە دەوروبەر کردنی و فرەتربوونی فیلەکانی بۆ ڕەواندنەوەی تەنگوچەڵەمەکانی بەردەم ملیۆنەهای ساڵەوە کە قڕانی هەزاران جۆری دیت کە حاڵوبار بۆیان نەهاتن یان هۆی خۆپاریزیان کورتی هێنا یان لەبەر نەگونجان بە دەوروبەرەوە یان کەمکوڕی بژیوگیری. وەختێک هات مرۆ پەیدا بوو بەو تایبەتمەندانەی کە لە هەموو بوونەوەری جوداکردەوە، بە مردوو و زیندوویەوە. ئنجا پەیدابوونی ئەم مرۆیە ج بدرێتەوە بە بارێکی بەرینی فراژووتنی لەسەرەخۆ کە هەڵواردەی کرد لە هەموو زیندەوەری پێش خۆی و ئەو نەسڵەی بەوەڵەدیشی هێنا، یاخود بدرێتەوە بە توانستێکی تێنی فروسما[1] کە لە پشتاوپشتی بەسەرچوویدا هەرگیز نەڕسکابوو، لە هەردوو حاڵدا ئاکامەکە هەر ئەوەیە کە مرۆ هەست و هۆشە نوێیەکەی کرایەوە لە جۆری کردار و تێڕامان و مەیل و مجێز کە بەدەم زەمانەوە بەرەو فرەبابەتییەوە بوونەوە و خواروژوور چوون بەسەر هەڵسوکەوتی تەجرەبە و هەڵەدا، بەوشەدا پێبەپێ هەرچی «مەزموون»ی کۆمەڵایەتی و میژوو هەیە دەرکەوت. ڕەنگە یەکەم شتی لە تروسکەی هۆش گەشابێتەوە «ئاخاوتن» بووبێت چونکە ئەو دەنگە نامەفهوومانەی لە گەرووی زیندەوەرەوە دەردێن کەرەستەی دەربڕینی هەستی غەریزی بوون کە ڕاگەیەن نین (وەک ئاخاوتن)

---

[1]- فروسمان، فروسماندن: پتر لە نێوان دەشتنشینانەوە ئەم وشە بە کار دێت وەک کە بڵێین: ئەم خەرمانە جۆ لێی نەفروسماوە نەسووتێ. . تۆ لێیان فروسماندووی وەها دڕ بێت؟ مەرحووم زەبیحی کە وشەکەی لێ بیستم توێژینەوەیەکی لێ کرد، دواتر بێمی گوت، لە هەرێمی باڵەک و دەوروپشتی ڕەواندز دەڵێن: فلیسمان. وشەکە دەڵالەتی سەربە غەیبی بێنوەیە. فریسمانیش هاتووە.

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

بەشێکی بەرچاویش لەو دەنگانە بۆ مرۆ ماوەتەوە وەک کە لە دەمی تووڕەیی و ڕەزامەندی و گومان و یەقین و ترس و هێمنیدا دەنگی وەها دەردەپەڕێنن نەو هەستانە بەدەر دەداتەوە و نزیکە لە میاوەی پشیلە و نەرمەحیلەی ولاغەبەرزەوە بە پێی حاڵوباری جودادا. ئنجا کە هەستی غەریزە گۆڕا بە فامی ئاگاداری نەو دەنگانە کورتیان هێنا لە ڕاگەیاندنی وێنە و واتای هۆشکرد ئیتر «وێژە» بە زەروورێ بووە تەرجومانی هۆش. هەر لەم گۆشەیەوە بوو بە بیرمدا هات ئاخافتن یەکەم داهێنانەکانی هۆشە چونکە مانیعێک نییە لەوەدا مرۆ بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ بەردەوام بووبێ لەسەر شێوازی کۆنی لایەنەکانی دیکەی ژیانی تا وای لێ هات، دواتر، جلک لەبەر بکا بە قیتی بڕوات. کە هات نوتق نەیتوانی بەوشەی تاک تێکهەڵکێش لەگەڵ عەقڵدا جووت بڕوات بەرەو لێکدانەوەی بێ قەید و سنوورەوە زەکای هەڵکەوتووەکانی مرۆ - وێڕای تەجرەبە - بە هانای هات لە داهێنانی هێما و نیشانە و ئاماژە بۆ پڕکردنەوەی نێوانیان، ئەویش بە پێی ئیمکان. مەیلەوە سەیرە کە سەرەتای نووسین بەر لە پەنجا و ئەوەندە سەدەیە دەگەڵ ئاخرین مۆدێلی تێگەیاندنی سەردەم بگەنەوە یەک لە بەکارهێنانی وێنە و ڕەمز لە بری دەنگەکانی هیجا بەوەشدا ئاسانیی سەرەتا و زەحمەتی ئەنجامی وەسیلەی تێگەیاندن لە زۆرباردا پێکەڵپێک بوون. پەرۆشەکانی ڕۆژگاری شکەفت کە بریتی بوون لە خۆپارێزی و بژێو و جۆرێک داکردن و خەفتیانی ئاگر، لە قۆناغی شوانیدا و دواتریش لە کشتوکێڵ لە قوولایی و مەودای زیاد کرد وەک بڵێین پەرۆشی پارێزگاری گەیشتە پاراستنی کەلوپەل و دەوروبەر کە دەبوو ئەویش فەڕاحتر بێت بە پێی فرەبوونی کەرستەی گوزەران، هۆشیش بەرەو قوولیەکەوە بۆوە کە «تەجرەبە و لێکدانەوە و میرات»[2] ڕەخساندییان، شەبەنگە وەهم کردەکانی دیاردەی سروشتیش تەنکە ترنجۆکێکیان لە ئەفسانە تەنی، هێندێکیان بۆیان لوا زۆر بژین: چەندێکی بروسکە بەڵا چاندبێتی یان فرتەنە هەڵیکردبێت یان بوومەلەرزە دنیای هەژاندبێت یان ئەستێرە و ڕۆژ و مانگ ئاوابووبێتن گەشکەدارانە هەڵاتبێتنەوە دەروونی پشتاوپشتی مرۆی کۆنینەیان وروژاندووە بە شەبەنگی هێزی پەنام کە زەبر دەوەشێنن و دەڕمێنن یان بزەیان دێتێ و ئاوەدان دەکەنەوە.

---

[2]- تەجرەبە و لێکدانەوە و میرات «التجربة والتصور والإرث» – لە عەرەبییەکەدا بە لای باوەڕی نووسەرەوە سێ بنەمای هەرە کۆن و هەرە بنەڕەتی بیشکەوتنی مرۆن.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library